# داری پیر هه ڵمه كێشه٠٠له شوێنی تر نارِوێته وه٭

عبدولا  علی/ دانهاخ
مانگی-٣-٢٠٠٥

شه وێک به ر له وه ی گوڵی ووشه کانم سیس بێت و،سه رچاوه ی ئه شکم وشک کات،به ر له و ه ی دڵه ی شکاوم بخه مه سه ر له پی ده ستم و باخچه به باخچه بیگێڕم و بیلا وێنمه وه،له خه ونمدا وه ک نه رمابا ده نگتم بۆ بێنیٚ٠٠ئه وه نده دوور ٠٠ ئه وه نده دوور٠٠ چون باڵه فره ی  خه یاڵه تینوه کان، بۆ حونجه کردنی زامه کان و ئه وشه وانه ی بێهوده به سه ر چوون٠٠ئه و شه وا نه ی کراسه کانمان ده شۆرد و هه ڵمان ده خست،به هیوای وشک بونه وه وپیاسه یه ک له كۆڵان و خوێندنه وه ی عیشقه گوناهه کان ،ئه و عیشقانه ی هه ر له ئه زه له وه دۆڕانمان وده ستێکی ماڵئاوایشی بۆ هه ڵنه بڕین٠

له دێرێکدا بۆ ژنێکم نوسیبوو،
به پۆستێکا ٠٠قومێ كه فی سه ر سنگتم بۆ بنێره
چاوانم تژیه له داڵغه و
له سه ریان دایده نێم٠
به تۆش ده ڵێم،ئێواره یه ک ئه و ده مانه ی هه تاو شان دا ده داو ده خزێ بۆ ماڵه کانی بیر چونه وه،
بمکه به جگه ره یه ک و دامگرسێنه٠٠ئه وه نده م هه ڵمژه تا ده بم به بۆنی پایزوو شارپڕده که م،
که ده ست بۆ ماسی یاده کان ده به م،وه ک ڕۆژ ده خزێی٠٠کاتێ ده تخۆمه وه ناو سكم ڕه شتروو ڕوخسارم گه شتر ده بێ٠

ئه وه نده م خۆشده وێی
هه ر ده ڵێی به ر هه می چاومی،
ئه وه نده نزیکی به گیانم
پایزان له ره نگم و٠٠زستانان له سه رم و
به هاران له سنگم و
هاوینان له كوره ی دڵمه چی٠

تۆش ده ڵێی!
قه ت له تۆ نابمه وه
سێبه ری هه نگاوتم،
نێرگزی سه ره ڕێ و
خه ونی شه وانتم٠
له دوره وه ده نگتم ده بیست،به ده نگێکی له رزۆکی تۆقیوه وه٠٠وه ک كه ناریيه ک قورگی داغ كرابێت گۆرانییه كت ده چڕی،ده نگت چون ڕه شه با ببفڕێنێ و به رداو به ردی پێبکات،ده هات و ده برا،چه ند گوناهبوم ده تووت-بێکه س و بێده ر بێیاروو هاوده م- منیش هه ڵوه داو ڕێگه م ده بری،بانگم ده کردوو٠٠تۆش دوور٠٠ دوور،هه ر له م دووره وه وه ک به د مه ستێک  خۆی به په نجه ره كاندا بدات،ده مووت  نه٠٠داره كان هاوڕێت و وه رزه كانيش ميوانی هه ميشه يتن٠

وه ره و به یانییه ک
له هه ناسه ی خۆتم هه ڵکێشه،
با پڕبم له شنه و
سه رڕێژبم له چرۆ٠

ئه و کاته ی،پڕ ده بم له ناوت
باڵنده یش سه یرده کا
به ر ده رگا و په نجه ره م٠٠هاواری بینین و
ئاسمانیش  چا وبرکێ
له گه ڵ ژورم ده کا٠

به ده م كوڵی گۆرانی تۆو هاوارو گه ڕانی بێهوده ی خۆمه وه به  ئاگا هاتم٠٠ئه و شه وه

درێژترین تاریکی له خۆیدا حه شار دابوو٠٠منووێران و ئه ویش بێخه م٠
ئه و کاته ی، کچێک تاکی په نجه ره که ی ده کاته وه و، سه مای چاوداگرتنێک ده کات به گه ردنی
شارا،یان شوشه ی په نجه ره که ی من که هاڕه ده کاو دراوسێکانیشم وا ده زانن،ئێواره یه
تووڕه یه ٠
منیش ده ڵێم،
باڵنده یه ک، له لای ڕۆژه وه هاتۆته وه و
پڕ ده نوکێ ڕوناکی بۆ هێناوم،
ئه وه نده گه وره م،ده ڵێی زه ویم و
باران بووه به میوانم٠

ئه ویش ده ڵێ،
تازه به چیده چێ؟!
له ده ست خۆم هه راسانم
کێ ژیانم لێده کڕێ  به ماچێ!
ده یده مێ به گیانم٠
سه رنجم له چاو داوه که هه ڵدێ،له په رژینی پێڵ و٠٠ئه و کاته ی به یه کدا ده ده ن٠٠ئه و
ده مه ش سه ر ڕێژ ده بن له ناسۆر،شه قه ی باڵی باڵنده م خوێندۆته وه٠٠به لای باڵی
شکاویشیه وه گریاوم،سه رنجم له ئه رخه وان دا وه،ئه و کاته ی خۆی له ڕه نگ هه ڵده کێشێ و
له ژێر ماتیه کانیا نوستووم٠٠سه رنجم له سکپڕی هه ور داوه  ئه و کاته ی ده ته قێ و ژووره که م
پڕ ده کات له مه راق و خه یاڵ،له هه نارێکی که م ته مه ن٠٠کاتێک ته ڕای لێی یاخییه و ده ستێک
نییه مشتێ فرمێسک کات به ده میه وه، له سێوێک کاتێ کچه ئه سمه رێکی سه رشێت ،گازی لێده گرێ و
له پێکه نین و مه کرا لاسه نگ ده بێ و،چاوی پڕه له ئاو٠٠ به ڵام ئاوێک،ڕوناکتر له ڕۆحیانه تی
مناڵ،فێنکتر له ده مکردنه وه ی به یانیان٠

ده ڵێی ئێواره م و
تۆ پێمدا ده ڕۆی،
سنگم پڕ پڕه له گوڵزار
هه ناسه م سه ر ڕێژه له به هار٠

باڵێکم له کۆچایه و
ئه وی دیم نوستوو،
نه با بڕۆیت و نه تدۆزمه وه
نه با بێیته وه و لێره نه بم٠

به منداڵی
نه بونی، به گریان ئاشنای کردم،
دایکم به ماچ،
یه که میان له گه ڵما گه وره بوو
دوهه میانم زوو ناشت٠

سه رنجم له گریانی دار داوه بۆ گه ڵاکانی،کاتێک زه رد ده بن و به ر ده بنه وه و،ڕێبوارانی که یلی
غرور پێی لێده نێن و بێخه یاڵ له کورتی ته مه ن و گڕی هه ناسه یان ،ماچ کردنی فرمێسک به
ڕوخساری مناڵه وه٠٠له ماتی پایز وه ک ماتیه کانی تۆ،له وژنانه ش سه رنجم داوه٠٠کاتێ به
ڕێگادا ده ڕۆن و هه نگا وه کانیان ڕوناکی لێده بارێت٠

هه موو ڕه نگه کانم دی
له هه موو،با کان قومێکم خوارده وه
تا بێ ووشک تروو
تا بێ تینوو تر ده بم٠

ئه ی سێوه ژن
وا ده ساڵه،هه موو شه وێ
پارچه یه کت لێده خۆم و

نه که م ده که ی
نه تێر ده بم٠

گۆی مه مکه کانت سه ری ئه و ڕمه یه
له پاژنه ی ئاشیل چه قی،
خۆم له ئاوی چاوت هه ڵده کێشم
تا به نه مری سکپڕ بم٠

به م هه موو خۆزگه وه
پریاسکه ی مه راقم، بۆ کام ژوان هه ڵبگرم!
ئه م سه ره وه یلانه م
له یادی کامیانا سه ر بڕم!٠

ئه وه نده ماندووم
له ده فی دوای زکرو،
له منداڵی دوای گریان و
له هه وری پاش باران ده چم،
به و حاڵه وه،
له سپێده یاخی ده بم،قه ڵه مه که م
له گه ڵ شه و ئاشتم ده کاته وه
کاغه زه کان ده منوێنن٠٠
له گه ڵ تۆدا کانیه ک له ڕوناکی چێده که ین
ماچی له به ر بڕوات٠

ده ساڵه تۆم له ناو خۆما هه ڵگرتوه
ده ساڵه له ناو خۆتا هه ڵتگرتوم
هه ر ده گه ڕێین
یه کتر نادۆزینه وه٠
سه رنجم له هه ناسه کانی تۆ داوه،ئه و کاته ی کاغه زه کانم ته ڕ ده که ن،ئه و کاغه زانه ی بۆ
تۆم نووسی و ته مه ن مه ودای نه دا بۆت بنێرم٠٠له و دایکانه ی به په ڕۆیه کی ڕه ش ناوچاویان
پێچاوه و چاوه ڕوانی ها تنه وه ی کوڕه کانیان ده یانکوژێ٠٠سه رنجم له هه نگاو داوه به ر له
هاویشتن،له میلی سه عات که مان ده گرێ،له له نجه ی چڵه کان کاتێ ژنێک به لایاندا ڕه تده بێ،
له گریان و توڕه بوون کاتێ ده منوسنه وه، له ده سته کانم له کاتی له رزینا٠٠له تۆش که
زامێکت له دڵما هه ڵکه ند،له یه که م زریکه ی له دایک بوونت و،له یه که م ماچ که لێم دزیت،
بیرم له باران کردۆته وه ئه و کاته ی خه یاڵ ده خوسێنێ،له نوکته ی شه رمن و له پێکه نین
له ژێر به تانیداو٠٠له-کاڵێ بار مه که-،که بار ده کاو، له - سه برتکردایه- که سه بری نه کرد٠
گه ر ده مزانی!
ئه وه نده م ماچ ده کردی،تاله ماچا ده خنکاین،تاکۆڵان پڕ ده بوو له ماچ،داره کان ماچیان
ده گرت وشار پڕ ده بوو له ماچ،تامناڵه کان ناویان به ماچ ده کراو قوتابیان لاپه ڕه ی ماچیان
هه ڵده دایه وه و،مامۆستاکان وانه ی ماچیان ده وته وه،تاله سه ر چاوه کانه وه ماچ هه ڵده قوڵی و
خه ڵک ماچی ده خوارده وه و،به ماچ خۆی ده شت و ماچی ده پۆشی٠

ئیتر گۆرانیه ک ناڵێم،تۆ نه دوتبێ
ماچێ ناکه م تۆ نه دکردبێ،
بۆ جێژوانێ ناچم
تۆ هه نسکت تێده ڕشتبێ٠

---

*په ندێکی ئیتالییه